# (٦)

# گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ئایا شاهێدیدان ئەرکە یان ماف؟

بەڕێزان!

لەم بەشەدا دێینە سەر گفتوگۆ کردن لەبارەی یەکێ لەو ئایەتانەی کە کەسانی دڵنەخۆش و عەقڵ نەخۆش دەیانەوێ گومانی پێ لەدڵی مسوڵمانان دروست بکەن بەگشتی، بەتایبەت ئافرەتانی مسوڵمان، دڵی ئەوانیش وەکو هی خۆیان تووشی نەخۆشی گومان و بێباوەڕی بکەن...

بابەتەکەمان بریتییە لە مەسەلەی شاهێدی دان:

ئەوان ئایەتێك دەهێنن و بە سەیر کردنێکی ڕواڵەتی و سەرکێڵانە دەیکەنە بەڵگەی ئەوەی گوایە قورئان ڕێزی بۆ ئافرەت دانەناوە، ئایەتەکە باس لە مەسەلەی شاهێدی دان دەکات خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰ ﴿٢٨٢﴾ ﴾ البقرة.

خوای پەروەردگار فەرموویەتی با دوو پیاو ببنە شاهێد لەمەسەلەکە، ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوت بۆ ئەوەی شاهێدی بدەن، با پیاوێك و دوو ئافرەت شاهێدیەکە بدەن، لەو کەسانەی کە خۆتان پێی ڕازین بۆ شاهێدی دان، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێك لەو ئافرەتانە بیری چوو ئەوەی تر بیری بخاتەوە.

### ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە:

١)- لە سەرەتای ڕوونکردنەوەکەمان دەڵێین: بەر لەهەر شتێك ئەو کەسەی قسە لەسەر ئایەتەکە دەکات دەبێ هەموو ئایەتەکە بهێنێ بۆ ئەوەی لە مانا و مەبەستی ئایەتەکە بگەین، ئەوەی سەرەوە کە دڵنەخۆشان دەیهێنن بەشێکی ئایەتەکەیە، سیاقی ئایەتەکە باس لەدوو شت دەکات، یەکەمیان: مەسەلەی قەرز وەرگرتن و قەرز دانەوە، دووەمیان:

مەسەلەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، لێرە کە باسی شاهێدی دەکات باسەکە باسی کڕین و فرۆشتن و بازرگانییە.

هەموومان دەزانین کاری بازرگانی پیشەیەکە زیاتر پیاوان پێوەی خەریکن، پەیدا کردنی بژێوی و ماڵ و دارایی لەئەستۆی پیاواندایە، بەتایبەت کاری بازرگانی کردن و سەفەر کردنی ئەم وڵات و ئەو وڵات یان ئەم شار بۆ ئەو شار بۆ کاری بازرگانی لەئەستۆی پیاواندایە، لەوانەیە زێدەڕۆییمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین لەنێو دە هەزار بازرگان لەوانەیە یەك بازرگانی ئافرەت هەبێ، ڕوون و ئاشکرایە کە بازرگانی کردن لەگەڵ سروشت و لاشە و هێز و توانا و سەلیقەی پیاواندا دێتەوە نەك ئافرەتان، لەبەر ئەوەش کە کارەکە کەمتر لەگەڵ ئافرەتاندا دەگونجێ بۆیە ئافرەتان لەڕێ و شوێنەکانی بازرگانی کردن دوورن، ئەم دوور بوون و نەشارەزاییەشیان وای کردووە کەمتر بگونجێ لەو مەسەلانەدا ئامادەبن و ببنە شاهێد.

بۆیە لەکاری بازرگانیدا کاتێ پێویست دەبێ شاهێدی بدرێ خوای پەروەردگار فەرموویەتی با دوو پیاو ببنە شاهێد، بەڵام ئەگەر تەنها یەك پیاو دەست کەوت، ئەوا دەتوانن ئەو پیاوە لەگەڵ دووئافرەت شاهێدیەکە بدەن، واتە: دوو ئافرەت دەتوانێ شاهێدی بدات لەبری ئەو پیاوەی کە ئامادە نییە.

خوای پەروەردگار هۆکارەکەشی ڕوون کردۆتەوە ئەم ئافرەتەی دووەمیان بۆچییە، دەفەرمووێ: ﴿ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ ﴿٢٨٢﴾ ﴾ البقرة، بۆ ئەوەی کاتێ یەکێکیان شتێك لەبیر دەکات ئەوەی دیکەیان بیری بخاتەوە.

(أَن تَضِلَّ ) واتە: لەبیری چوویەوە، وردەکاری ڕووداوەکە، یان جاری وا هەیە ڕووداوەکە ژمارەی تێدایە ژمارەکەی پێ ئەزبەر نەکرا و لەبیریچوو، ئەوا دەکرێ یەکێکیان بیری ئەوەی تریان بخاتەوە.

٢)- خاڵێکی دیکە ئەوەیە دەبێ بزانین کە هەرگیز شاهێدی دان ماف نییە تا بڵێین: خوای پەروەردگار ئافرەتانی لەو مافە بێبەش کردووە، بەڵکو ئەرکە، ئەرکێکی زۆر قورسیشە، لەکاتێکدا خوای پەروەردگار ئافرەتانی بەخشیوە لەم ئەرکە، وە ئەگەر زۆر پێویست

بکات خوای پەروەردگار ئەرکەکەی خستۆتە سەر دوو ئافرەت لەبری ئافرەتێك بـۆ ئـەوەی بتوانن ئاسانتر ئەرکەکە جێبەجێ بکەن، ئایا ئەمە چ بێڕێزیەکی تێدایە؟!

٣)- هۆکارەکانی لەبیر چوونەوەی ئـافرەت دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو هۆکـاری سـەرەکی وەك توێژینەوە زانستی و پزیشکیەکان ئەمەیان ڕوون کردۆتەوە:

أ- هۆکاری یەکەم زۆربەی کات ئافرەت سرووشتی وایە بەشتی بچووك (جوزئی) سەرقاڵە، ئەمەش وای کردووە زوو شتی بیر بچێتەوە، بەتایبەت ئەگەر شتێك پسپۆڕی ئەو نـەبێ و تا ڕاددەیەك لێی دوور بێ، هەڵبەتە ئەمە وا دەکات ئەگەری لەبیر چوونەوەکەی زۆر زیاتر بکات.

ب- سکپڕیو منداڵ بوون و سووڕی مانگانە هۆکارگەلێکی تری لـەبیر چـوونەوەن لـەلای ئافرەت، ئەرکی ئافرەتیان لەو ڕووەوە قورس کردووە، وا لە ئافرەت دەکەن شت زیاتر لەبیر بکات، کەمتر گرنگی بە کاری وەك بازرگانی بدات، ئەمەش هەموو کەسێك دەزانـێ کـە شتێکی زۆر سروشتیە.

٤)- هەموومان دەزانین کە شاهێدی دان ئەرکێکی قورسە، ئەو کەسەی کـە شـاهێدیەکی لەلایە پێویستە لەسەری شاهێدیەکە بدات، لێ ڕاکردنی گوناح و تاوانـە، زۆر جـار هەیـە شاهێدی دان کێشە و مشتومڕی زۆری لێ دروست دەبێ، نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆر جـار بۆتە مایەی شـەڕ و خـوێن ڕشـتنیش، ئـەم جـۆرە کارانـەش بەڕاسـتی ئـافرەت نـاتوانێ هەڵیانگرێ و دوورن لە سروشتی ئەو، زۆر جاری وا بووە ئەو کەسەی شاهێدیەکەی لەسەر دراوە لەلایەن تاوانبارەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە، سەرەڕای ئـەو مەترسـیانە خـوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْ ﴿٢٨٢﴾﴾ البقرة، ئەگەر شاهێدیەکان بانگ کران بۆ ئەوەی شاهێدی بدەن، شاهێدیەکەشیان لەلا بوو دەیانزانی چـۆن ڕوویـداوە، نابێ پشت هەڵبکەن و شاهێدیەکە نەدەن، چونکە گوناهبار دەبن.

٥)- خوای پەروەردگار ئەو کەسانەی بەگوناهبار هەژمار کردووە کە شاهێدیەکیان لەلایە و شاهێدیەکە نادەن، دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَكۡتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ وَمَن يَكۡتُمۡهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلۡبُهُۥۗ ﴿٢٨٣﴾﴾ البقرة، شاهێدی مەشارنەوە هەر کەسێك شاهێدی بشارێتەوە ئەوا دیارە دڵی نەخۆشە و خۆی تووشی گوناح کردووە، کەواتە: بەڕاستی شاهێدی دان ئەرکە نەك ماف، بەرپرسیارێتییەکی قورسە، زۆر جار هەیە ئەو کەسەی کە پێویستە شاهێدی لەسەر بدەی دۆستی خۆتە، یان خزم و نزیکێکی خۆتە، ڕەنگە دایك یان برا، یان خوشك، یان باوك بێ! هەمووومان دەزانین سروشتی ئافرەت بەشێوەیەکە سۆز و عاتیفەی زۆر زیاترە لە پیاو، لەوانەیە کەمتر بتوانێ شاهێدی لەسەر کەسێکی نزیك و دەورو بەری خۆی بدات.

لەو بارەوە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ﴿١٣٥﴾﴾ النساء، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئێوە هەڵسن بە بەرپا کردنی دادگەری بەهۆی شاهێدی دانتان بۆ خوا جا ئەگەر ئەو شاهێدی دانە لەسەر خۆشتان بێ یاخود لەسەر دایك و باوکتان، یاخود لەسەر نزیکانتان، ئەگەر کەسی شاهێدی لەسەر دراو دەوڵەمەند یان هەژار بێ نابێ ڕەچاوی ئەو شتانەی بکرێ چونکە خوا لەپێشترە، بۆیە شوێن هەواو ئارەزووەکانتان مەکەون نەوەك بەهۆی لادانتان لە ڕێگەی ڕاست، جا ئەگەر پشت هەڵبکەن و شاهێدی نەدەن، یاخود نکوڵی بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە خوا بەوەی ئێوە دەیکەن زاناو شارەزاو ئاگادارە.

٦)- هەموو ئەو ئایەتانەی هێنامان ئەوەمان پێدەڵێن: کە شاهێدی دان کارێکی قورسە، خوای پەروەردگار بە ڕەحم و بەزەیی خۆی ئەو قورساییەی لەسەر ئافرەت کەم کردۆتەوە، دەی کەواتە: بۆچی ئێمە نیگەران بین بەقسەی دوژمنانی ئیسلام و مسوڵمانان، ئەمە لەکاتێکدا خوای پەروەردگار ئەرکێکی لەسەر ئافرەت کەم کردۆتەوە کەچی بێین تانە لە ئایەتەکە بدەین پەنا بەخوا؟! بۆیە بەڕاستی ئەوانەی کە ڕەخنە لە ئایەتەکە دەگرن یان

ئەوەتا نەزانن، پێویستە ووردتر بڕوانن و بەدواداچوون بکەن، یان ئەوەتا دڵنەخۆش و عەقڵ نەخۆشن، ئێمە دوعای هیدایەت و ڕێنموییان بۆ دەکەین.

٧)- ئێمە دەپرسین ئەگەر لاچوون و سووککردنی ئەم ئەرکە کە ئەرکی شاهێدی دانە لەسەر ئافرەت بێ ڕێزی بێ، ئایا بەرۆژوونەبوون لەکاتی نەخۆشیدا یان لەکاتی سەفەردا بەهەمان شێوە بێڕێزییە؟ ئایا کۆ کردنەوەی نوێژەکان لەکاتی سەفەردا بەهەمان شێوە بێڕێزییە؟ ئایا تەیەمموم کردن لەکاتی دەستنەکەوتنی ئاو بەهەمان شێوە بێ ڕێزییە؟ دەی خۆ ئەمانەش هەموویان ئەرکن لەسەر تاکی مسوڵمان کەچی خوای پەروەردگار مسوڵمانانی بەخشیوە لەکاتی هەبوونی ئەم عوزرانەدا دەتوانن ئەرکەکە بەشێوەیەکی ئاسانترو سووکتر ئەنجام بدەن، ئایا دەتوانین بڵێین: سووك کردنی ئەم ئەرکانە بێڕێزییە؟! بەدڵنیاییەوە نەخێر، کەواتە: مەسەلەی شاهێدی دانەکەش بەهەمان شێوە هیچ بێڕێزیەك ناگەیەنێ و پاکیی و بێگەردی بۆ خوا.

٨)- لەهەندێ کاتدا ئافرەتان وەك پیاوانن لە شاهێدی داندا وەك زانایان: (ئەبو یوسف، تاووس وهەندێ زانای تر) ئەمەیان ڕوون کردۆتەوە، گوتوویانە لەهەندێ شت یەك ئافرەتیش دەتوانێ شاهێدی بدات، لە مەسەلەکانی:

منداڵ بوون.

شیر پێدان.

بوونی کەموکوڕی و ناتەواوی ئیستیهلال.

کەچەڵی.

کچێتی.

تەواو بوونی عیددە.

هەرچەندە هەندێ زانای دیکەی وەکو (مالیك و ابن ئەبی لەیلا) ئەمەیان ڕەت کردۆتەوە و گوتویانە: نەخێر لەو مەسەلانەش دەبێ دوو ئافرەت شاهێدی بدەن، بەڵام بەهەرحاڵ مادەم بۆچوونی دیکە هەیە کەواتە: دەتوانرێ کاری پێ بکرێ.

٩)- پرسیارێك ڕووبەڕوی ئەو كەسانە دەبێتەوە كە پێیان وایە بوونی دوو شاهێدی ئافرەت ناتەواویی و بێڕێزییە بۆ ئافرەت، پرسیارەكەش ئەوەیە لە مەسەلەی تاوانی زینا خوای پەروەردگار داوای چوار شاهێدی پیاوی كردووە، دەفەرمووێ: ﴿ لَّوۡلَا جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُوْلَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ النور، ئایا داوا كردنی چوار شاهێدی پیاو لەبری یەك شاهێد یان دوو شاهێد ناتەواویی و بێڕێزییە بۆ پیاو؟ ئەگەر ئەوەی ئافرەت بێڕێزی بێ دەبێ بگوترێ: ئەمەشیان بێڕێزییە!! بەدڵنیاییەوە بێڕێزی نییە بەڵكو لەبەر هەستیاری مەسەلەكەیە.

**بەسەرهاتێك لەبارەی شاهێدی دانی ئافرەت:**

بەڕێزان ئەم بەسەرهاتەی دەمەوێ باسی بكەم ڕێك بەسەر خۆم هاتووە، بەندە ئەو كاتەی كە پەرلەمانتار بووم جارێكیان لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێكی دیكە چووین بۆ چارەسەر كردنی كێشەیەك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبەر دەرگا یەكێ لەو گەنجانەی كە كێشەی هەبوو ڕێگەی پێ گرتین و باسی كێشەیەكی خۆی لەلای یەكێ لە ئەندام پەرلەمانەكانی هاوڕێم كرد، ئەو هاوڕێیەی ئێمەی زۆر پڕ كرد وەك ئەوەی كە زۆر ستەمی لێ كراوە، ئێمەش زۆر بە ئارامی لە ژوورەوە پەیامەكەی ئەو گەنجەمان گەیاند، گوتمان: داوا دەكەین داواكاریەكانی ئەم گەنجە بەهەند وەربگیرێ و مافەكانی بۆ بگێڕدرێتەوە.

ئەو پەرلەمانتارەی كە فایلەكەی وەرگرتبوو لەگەڵ یەكێ لە سەرۆكی زانكۆكان كردی بە كێشە، دەنگی زۆر بەرز كردەوە و هەندێ قسەی زۆر ناخۆشی پێ گوت، ئەو سەرۆك زانكۆیەش زۆر تووڕە بوو گوتی: چۆن بەم شێوەیە قسەم پێ دەڵێی، ئێمەش زۆر هەوڵماندا ئەو پەرلەمانتارە هێمن بكەینەوە، بەڵام هێمن نەدەبووەوە، هەر قسەی ناخۆشی پێ گوت، ئیتر بووە مایەی ئەوەی سەرۆك زانكۆكە سكاڵا لەدژی ئەو پەرلەمانتارە تۆمار بكات، دوای شەش مانگ ئەو پەرلەمانتارە تێلی بۆ كردم گوتی: سكاڵام لەسەر تۆمار كراوە دەمەوێ شاهێدیم بۆ بدەی، منیش گوتم: چی نووسیوە لەسەر سكاڵاكەی؟

گوتی: سکالآی لیّ کردووم گوایه من قسەم بەخۆی و بە باوکیشی گوتووە، تۆ شاهێدیم بۆ بدە کە من قسەم پیّ نەگوتووە، منیش گوتم: بەڕاستی من ڕووداوەکەم بەشێوەیەکی گشتی لەبیر ماوە بەڵام ڕێك بزانم تۆ چیت گوتووە و چیت نەگوتووە باشم بیر ناکەوێتەوە، ئایا تۆ قسەت بەباوکی ئەو گوت یان نا ئەوەم بیر نەماوە، گوتی: دەی تۆ وەرە شاهێدیەکەم بۆ بدە! گوتم: بەڵام چۆن شاهێدیت بۆ بدەم لەکاتێدا لەبیرم نەماوە، لەبەر ئەوەی دڵنیام دادوەر لێم دەپرسیّ ئایا قسەت بە باوکی ئەو گوتووە یان نا؟!

ئەم پەڕلەمانتارەی زۆر پێداگیری کرد شاهێدی بۆ بدەم، منیش تێلم بۆ یەکیّ لە ئەندام پەڕلەمانەکانی دیکە کرد کە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون و لەگەڵ ئێمە بوون، پرسیارم لیّ کرد ئایا فلان کەس قسەی بە باوکی ئەو سەرۆك زانکۆیە گوت، یاخود نا؟ گوتیّ: بەلّیّ قسەی پیّ گوت!! منیش بەناچاری تێلم بۆ ئەندام پەڕلەمانەکەی تر کردو گوتم: فلان کە لەگەڵمان بوو پرسیارم لیّ کردووە گوتوویەتی: بەلّیّ قسەی بە باوکی گوتووە، بۆیە من ناتوانم بێم شاهێدیت بۆ بدەم کە قسەت بە باوکی نەگوتووە، ئەسڵەن من وردەکاری ئەو قسانەم لەبیر نەماوە!

ئینجا سەیر بکەن بەڕێزان بەڕاستی شاهێدی دان ئەرکێکی قورسە، کارێکی ئاسان نییە، وە ئەمەی کە من کردم هەرگیز بە ناتەواوی و کەموکوڕی نازانم لەخۆم، دوای شەش مانگ چی گوتووەو چی نەگوتووە من ئەو وردەکاریەم لەیاد نەماوە، بەکردەییش ئەو ئایەتە لەکێشەکە بەرجەستە بوو کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ ﴿٢٨٢﴾﴾ البقرة، بەڕاستی من وردەکاریەکەم لەیاد نەمابوو زانیم کە قسەی پیّ گوتووە، بەڵام ئەوەم لەیاد نەبوو ئایا قسەی بە باوکی گوتووە یاخود نا بۆیە تێلم بۆ هاوڕێکەمان کرد ئەم بیری هێنامەوە، ڕێك وەك ئەوەی ئایەتەکە دەفەرمووێ، ئەمە لە کاتێکدا دەبوو سەرۆك زانکۆکە بمکات بە شاهێد نەك پەڕلەمانتارەکە، بەڵام ئەم داوای لەمن نەکرد شاهێدی بۆ بدەم و چەند کەسێکی دیکەی بردبوو.

هەروەها ئەگەر (١٠٠٪)یش لەیادم مابووایە بۆمن کارێکی زۆر قورس بوو شاهێدی بدەم لەلای دادوەر و سوێند بخۆم، گومانی تێدا نییە ئەو کەسەی کە شاهێدیەکەی لەسەر دەدەی تورە دەبێ،

وە بەکردەیی بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی ئافرەت دوای شەش مانگ و ساڵێك و پتر بەوردی ئەوەی لەیاد نامێنێ کەچی ڕوویداوە، بەڕاستی منیش دوای ئەو ماوە زۆرە کێشەکەم وەك ئەوەی کە ڕوویدابوو لەیاد نەمابوو، پێشم وایە ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، وە پێویستە سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار لەسەر ئەوە بکەین کە خوای پەروەردگار ئەم شاهێدیەی لەسەر ئێمەی ئافرەت سووك کردووە.